

# کتێبێک لە نیگەرانی دەدوێ

عەبدولقادر سەعید

«تۆتالیزمی رۆحی و ئەرکەکانی ڕۆشنگەری هاوچەرخ»ناونیشانی ئەو کتێبەیە کە لە لایەن کاک مەلا بەختیارەوە نوسراوە لەسەر ڕاپۆرتی شەشەمینی کۆنگرەی پارتی یەکگرتوی ئیسلامی، کە لەلایەن ئەمینداری گشتی ئەو حیزبەوە پێشکەشکراوە.

ئەم سەرنجانەی من قسەن لەسەر ئەو جیاوازیانەی کە ئەمینداری یەکگرتوو وەک ئایدۆلۆجیستێکی ئیسلامی و کاک بەختیار وەک نوسەرێکی سیکۆلار.

(بە دەر لەوەی هەر یەکێ لەم دوو بەڕێزە دوو کادێری سەرەوەی دەسەڵاتی دوو پارتی جیاوازن، لە هەمانکاتدا هەر یەکێکیان خاوەنی فۆرمی جیاوازن لە بیرکردنەوە و بەڕێوەبردنی

لاپەرەیی 17 ڕاپۆرتێکی
لەم هەرێمەدا.)
ئەرکی سیاسیانە لەم هەرێمەدا.) لەسەر ڕاپۆرتێکی17 لاپەرەیی
سەرەتا نوسینی کتێبێکی 285 لاپەڕەیی لەسەر ڕاپۆرتێکی17 لاپەرەیی ئەو ڕاپۆرتە دیارە لێکدانەوەی
خۆی لە خۆیدا گرنگی پێدانە بەناوەڕۆکی ئەو ڕاپۆرتە شرۆڤە دەکرێت، ئەگەر
ڕەخنەگر لەو ڕاپۆرتە بە چەند دیوێکی تریشدا شرۆڤە دەکرێت، ئەگەر فیکری دیدی حیزبی
خەڵکی تر بیانەوێت بەشداری لە مناقەشەی سیاسی و فیکری دیدی حیزبی بزوتنەوەی
یەکگرتوی ئیسلامی بکەن، چونکە یەکگرتوو فۆرمێکی نوێیە لە بزوتنەوەی هەموو ئەو
ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، لە هەمانکاتدا هەڵگری هەموو ئەو شێوە فراوانە
نهێنیانەیە کە حیزبە نەقلیدیە ئیسلامیەکانی تر نەیانتوانیوە بەم شێوە فراوانە شیکردنەوەی ئەو
بچنە ناو قوڵایی کۆمەڵگەوە، بۆیە گرنگی ئەم کتێبە لە شیکردنەوەی ئەو چەمکە فیکری و
خاڵانەدایە، کە ناتوانن دەرباز بن لە ئاستی ڕەخنەی چەمکە فیکری و پێشتر لە کوردستاندا
پیادەکردنی سیاسەتی ئیسلامی سیاسی، وەک ئەوەی پێشتر لە کوردستاندا
بانگەشەی بۆکراوە و پیادە کراوە. کە بەڕێز ئەمیندار پێ
سەرەتای مناقەشەکە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، کە بەڕێز ئەمیندار پێ وەک
لەسەر ((واقع)) ێک دادەگرێت کە لە ڕاستیدا بوونی هەیە، بەڵام وەک
(حەقیقەت) یان بڵێم حەقیقەتێکی ڕەها بانگەشەی بۆ کردووە. دیارە لە یەکتری.
دنیای ئێستادا هەموو واقعێک تێکەڵاوە بە دەیان چەمکی جیاواز بە یەکتری.
مەگەر ئەو دۆگما چەق بەسنووە نەبێت، کە ئاسۆی بیر سنوردار دەکاتەوە بۆ
تێڕوانینێکی دیاریکراو. لەسەروو هەموو ئەمانەوە ناچارکردنی مرۆڤ یان بە
گشتی کۆمەڵگە بۆ ئەو خاڵە دیارانەی کە هێشتا لای مرۆڤی سەردەم یەکلایی
نەکراوەتەوە، بەڵکو خودی بیرکردنەوەکە لەژێر تاقیکردنەوەی بەردەوام دایە
چ وەک مینۆد یان پێشکەوتنی کۆمەڵگەلە ڕووە سیوسیولۆجیەکەیەوە .
خاڵێکی تری کتێبەکە ڕەخنە لەسەر ڕەهایی بۆچونەکانی نوسەرە ئەو
ڕەهاییەی حیزبە ئیسلامیەکان لە کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا وەک
سیستەمێکی کۆنکرێتی باسدەکەن و ڕێگای مناقەشە فکریەکان دادەخەن.
تەنانەت لە پەنجەرە نیمچە داخراوەکانی فکری ئیسلامی خۆشیەوە ڕێگە




بەیەکتر نادەن مناقەشەی یەکتر بکەن و یەکتر تاوانبار دەکەن بە جۆرەها ڕێچکەی لادەرانە لە بنەمای ئاینی ئیسلام.

چ جای مناقەشەی ئەو هەموو دیدە لیبراڵ و فیکرەکراوانەی لە دونیای مۆدێرنەدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە گەشەو پەرەسەندان.

ئەمە سەرەتای ئەو دیدەیە بەرهەمهێنەری جۆرێکی نوێ لەیەک دید پەرستی و سەپاندنی دیکتاتۆریەتی نوێ یە بەسەر دەیان بەرهەمی ڕۆشنبیری مرۆڤایەتی دا.

مێژووی دێرینی ئاینی ئیسلام لە دوای مردنی «محمد» پێشەوا و بانگەوازکەری ئاینی ئیسلام، پڕە لە جیاوازی گەورە تەنانەت دەیان مینۆدی دژ بەیەک ئاڕاستەو بە یەک هێز کار دەکەن. ئەم جیاوازیانە لە خودی ئاینی ئیسلامدا بەردەوامی هەیەو ملیۆنەها مرۆڤی موسڵمانیشی کردوەتە قوربانی، کەواتە خودی ئاینی ئیسلام هەڵگری تەفسیری جیاوازە ئیتر بۆ دەبێ، ڕەهایی پیادەکردنی ئەم ئاینە لەم سەردەمە پێشکەوتووەدا، بواری خەڵکی تر نەدات و نەتوانێ لەگەڵ بیرکردنەوەی دژ بە خۆیدا هەڵبکات، یان وا بانگەشەی بۆ بکات، هەڵکردن بەو مانایەی یەکگرتوو ئەو قبوڵ بکات، کە حەقیقەت تەنیا بۆ خۆی نیە، بەڵکو حەقیقەت بەدەیان فۆرم و ڕەنگ بەشکراوە لەناو کۆمەڵگەدا. ئازادیش کاتێک مانادار دەبێت کە خەڵکی سەربەست بن، لە هەڵبژاردنی ئەو جۆرە ئازادیەی خۆیان پێیان باشترە.

بەڕێز ئەمیندار پێ لەسەر گەندەڵی وەک سیمایەکی دزێو لەناو کۆمەڵگەو سیستەمی بەڕێوەبردندا رادەگرێت مەترسیەکە لەوەدایە بەڕێز ئەمیندار گەندەڵی سنوردار دەکاتەوە بۆ دزینی پارەو قۆرخ کردنی دەسەڵات و نا عەدالەتی لە دابەشکردندا.

کە لە ڕاستیدا هەموو ئەو مینۆدانەی قسە لەسەر عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەکەن ئەو ڕاستیە فەرامۆش ناکەن. کە کۆمەڵگە لە کاتی بزوتنەوە مێژوویەکانی خۆیدا دەبێت هەموو چالاکیەکانی پێکەوە بەڕێوە بچن، واتە گەندەڵی لە فیکرو نا زانستی لەباربردنی ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە مێژووییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەی ناتوانن ئایندەی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی ئاسۆ روناک و فراوان و گەشبینانە بخوێنەوە، بۆیە لە کاتی بزوتنەوە مێژووییەکانی کۆمەڵگەدا رێک وەک ئەم ساتەی لێدێ ئێستە لە ئارادایە.

ئەو بۆچونانە سەردەکەون و پێشدەکەون کە لەسەر پاشخانی چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان پێش خۆیان بنیات نراون، بۆیە لێرەدا ناچارین رەنگ ڕێژی

ئـەم پێشکەوتنە بەستێنەوە بە ئازادییەوە. ئـازادی بە مانا فـراوانـەکـەی کـە هەڵبژاردنی دەنگ و ڕەنگی تاک پەیوەستە بە ئارەزوومەندانەی ویستی تاکەوە. من لـێرەدا ڕەخنەم تەنها لە ڕاپۆرتەکەی بەڕێز ئەمیندار نیە، بەڵکو سیاسەت بە گشتی لەم ناوچەیەدا بانگەشەیە بۆ قبوڵ کردنی ئەو مێتۆدەی بانگەشەکار کـە دنـیـامـان لـێ دەکـات بە بەهەشت، بەڵام یەکگرتوو لێرەدا ئەوەمان بەسەردا دەسەپێنێت، ئـەگـەر خـۆی بەهەشتەی ئەو بانگەشەی بۆ دەکـات پەسەند نـەکـەیـن، ئـەوا دۆزەخـێـکـی چاوەڕوان کراو لە پێشمانەوەیە.

بـە داخـــەوە گـەورەتـریـن شکستی بەهاری عەرەبی یان بڵێم بەهەشتی بەهاری عەرەبی بـۆ دۆزەخــی پـایـزی عـەرەبـی، هەڵبژاردنی ئەم تاک ڕەهەندیە بوو کە ئـازادی سنووردار کرد. دیسان مۆدێلە سۆڤیەتیەکەمان دێنینە پێش چاو، کە بە گشتی مرۆڤایەتی تا ئێستاش لە بێ ئومێدیەکی گـەورەدا دەژیـن . ئـەگـەری دوبـارە کـردنـەوەی ئـەو مۆدێلە تـاک ڕەهەندیە لـە کـوردسـتـانـدا وەک ئـەوەی بانگەشەی بۆ دەنێرێت پیادە بکرێت، ئـەوا شکستێکی تری فیکری و سیاسی دەخرێنە سەر شکستە کەڵەکە بووەکانی مێژووی دووری نزیکمان. ئەم قسەیە بۆ یە دەکـەم چوونکە یەکگرتوو زۆر جـار خـۆی بـە هەڵگری چارەسـەری کێشە نەتەوایەتی دەزانێ و لەبری هێزە علمانیەکان یان لە پاڵ ئەواندا بانگەشەی سەربەخۆیی کوردستان دەکات، بێ ڕەچاوکـردنـی ئـەو هەموو گۆڕانکاریانەی ئەزمونی سیاسی لە دنیای دەرەوەی ئێمەدا بەسەریان هاتووە و بەتایبەتی هەندێکیان شکستی گـەورەیـان خـواردوە بەهۆی پێداگرتن لـەو مێتۆدە کلاسیکیانەی خوێندنەوەیان بۆ رزگاری و ئازادی پێدەکرا. لێرەدا نابێ چاو لەو پێشبینیە زانستیە دا بخەین کـە مـەلا بەختیار پێش بینی کـردووە لە روخانی سیستەمی یەک لایەنەی ئیخوان مسلمینەکانی میسر، کە من بۆ خۆم ئەمە یەکەمجارە سیاسیەکی کورد پێش بینی کارەساتێکی وەک ئەوەی لە میسر رویدا بکات و ڕاست دەربچێت، چونکە هەمیشە سیاسیەکانی کـورد کـار لەسەر گریمانەکان دەکـەن و کـەواش دەرناچێت ئۆبالەکەی دەخەنە پاڵ گەل. ئاگادارکردنەوەی کاک بەختیار لەو دێڕە باوەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەڵێت ( مێژوو بە تراژیدیا دەنوسرێت، بەڵام کە دووبـارە بـوەوە ئـەوا دەبـێ بە کۆمێدیا) بۆیە ئاگادارکردنەوەی ڕەخنەگر لە دووبـارە بونەوەی مێژوو وەک ئـەوەی کە ڕویدا، ئاگادارکردنەوەیەکی پێش وەختەی دروستە من دڵنیام ئاینی ئیسلام گەورەترین پێگەی مانەوەو هێزی فیکری عەرەبیە. هۆکارێکی گرنگە بۆ پاراستنی زمـان و کەلتورو تەنانەت مێژووی عەرەبیش تا ئەم سەردەمە، بۆیە دەکرێت برایانی حیزبی یەکگرتوو، ئـەم کۆپی کردنەوەی مێتۆدی فیکریە دەقاو دەق دوبارە نەکەنەوە، چونکە ئاینی ئیسلام و ڕۆژگاری ئەمڕۆی کـوردسـتـان بـە چەند خاڵێکی سنوردارەوە بەیەکەوە پەیوەستن، مـەرج نیە هەموو ئیمانداریک خەباتکەرێکی سەر سەختی ئازادی بێت ئەم گوڵبژێرە تەنها بۆ یەک بەیەکی ئەندامانی ناکرێن، بەڵکو باوەڕهێنان بە ئـازادی هەموو بیرکردنەوەکان زامنی چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیە.

**لێرەدا نابێ چاو لەو پێشبینیە زانستیە دا بخەین کە مەلا بەختیار پێشبینی کردووە لە روخانی سیستەمی یەک لایەنەی ئیخوان مسلمینەکانی میسر**

بە تایبەتی بۆ گەلێکی وەک گەلی کورد کە ئیسلام و مەسیحی کاکەیی و یەزیدی جۆرەها ئەتنی تر پێکەوە دەژیـن هەمووشیان خۆیان بە قوربانی دەزانـن لە

چەوسانەوەی نەتەوەییدا.

حەقیقەتێک هەیە لە بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردیدا ئەویش پەنجەو نەخشی ئەو هێزە چەپگەرانەن کە نەخشەدارێژەری بەرخۆدان و بەرەنگار بونەوەن. ئەو هێزانەی کە دەست پێشخەرو زۆرترین قوربانیان داوە ئەو هێزانە داینەمۆی هەڵگیرسانی شۆڕش و ڕاپەڕین و تەنانەت چاودێری دەسەڵاتی سیاسین لە کوردستاندا ئەم هێزانە نوێنەرایەتی هەزاران خەڵکی هەژارو کرێکارو فیکری چەپگەرا دەکەن، بۆیە دەبوایە راپۆرتەکەی بەڕێز ئەمیندار، ئەو حەقیقەتەی بە ئەندامانی کۆنگرە ڕا بگەیەندایە ئەم دۆخە ئارامەی خەڵکانێکی زۆر قوربانیان بۆ داوەو زیندانی کراون و لە سێدارە دراون و ئاوارە بوون، ئەمە سەرەتایەکی دروستە بۆ نوسینەوەی مێژوو بەم دیدە گشتگیریەوە دەتوانین بچینە ناو کۆمەڵگەوە نەوەکو لە هۆڵ و ژورە تاریکەکانی ناو کۆنفرانس و کۆنگرە. ئەمە ئەو حەقیقەتەیە کە بەڕێز ئەمیندار ئەزانێ قسەکردن لەسەر حەقیقەت چەند ئاستی ڕاستیەکانی لای خۆی دەوڵەمەند دەکات .

ئاینی ئیسلام هەڵبژاردەی مرۆڤ نیە، بەڵکو پەیامێکە بۆ مرۆڤ، کاک بەختیار وەک کەسێکی بێ باوەڕ لەم کتێبەدا هیچ شرۆڤەیەکی نەکردووە، تەنانەت ناوی خۆشی وەک نوسەری کتێبەکە نوسیوە(مەلا) بەختیار کە ئەم نازناوە، نازناوی خەباتی نهێنی بووە لەو ڕۆژگارەدا بەسەریدا سەپارە. بۆیە دەکرێت دیالۆگ جێگرەوەی هەموو ئەو خەیاڵە سیاسیانە بن کە تۆ یان ئێوە باوەڕتان پێ یەتی، بۆیە بوێری رەخنەگر کاک بەختیار لەوەدایە مناقەشەیەکی دورو درێژ لەگەڵ ڕاپۆرتەکەدا دەکات و بەرگری لەو مێژووە دەکات کە بە تەنها حیزبێک یان دیدگایەکی تایبەت دروستی نەکردووە.

من لایەنگری کاک بەختیار دژی بەڕێز ئەمیندار نیم بەڵام هەست دەکەم ڕاپۆرتەکەی بەڕێز ئەمیندار دوبارەبونەوەی هەمان میتۆدی کارپێکراوە لە ناوچەکەدا و بەرهەمێکی وا دیارو گەورەشی بەجێ نەهێشت.

دوا قسەم لەسەرڕاپۆرتەکەی بەڕێز ئەمیندار لەسەر (پاکی) یەتە کە ئەمیندار ئەم مەسەلەیە سنوردرا دەکاتەوە بۆ کردەیەکی (ئەخلاقی) کە دەکرا بەڕێز ئەمیندار گشتگیرتر باس لە پاکیەت بکات، چونکە هەڵبژاردنی ئەو رەنگە یان ئەو دەنگەی هەر تاکێک هەڵیدەبژێرێت. لەمافە سەرەتاییەکانی هەر کەسێکە دواتر پاکییەت خۆی چیە، چ پێوەرێکی هەیە پاکیەت لە ناپاکیەت جیابکاتەوە، ئەمە سەرەتای جەنگێکی دەرونیە ئەمە سەرەتایی جەنگێکی دەرونیە بەرامبەر بە علمانیەت. گەر وانەبێ دەپرسین ئەی ناپاکی چیە ئەگەر فکرێک توانای ئەوەی نەبێ ویستی مرۆڤ لەگەڵ گەشە سەندنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دا یەکان گیربکات مافی مرۆڤ بوونی خۆی بدات. چونکە پاکیەت بە هەر دیوێکی فیکری و فەلسەفیدا بیخوێنێتەوە، لە ئان و زەمانێکی و دیاریکراودا ماناکەی دەگۆڕێت بە گوێرەی قۆناغی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگەیەک مانایەکی جیاواز دەدات، تەنیا ڕێگا بۆئەوەی دڵنیابین لەوەی کە بانگەشەی بۆ دەکەین، دیالۆک و مناقەشەکردنە لە هەر بوارێکی فکریدا بە تایبەتی ئەو کاتەی کە سیاسەت و فیکر پێکەوە لە گۆڕەپانێکدا بە ئاسانی لێک جیاناکرێنەوە، زۆرجار وەک ئەلتەرناتفی یەکتر دەگۆڕدرێنەوە و لەگەل خۆیاندا میتۆدەکانی تری فکر ڕادەکێشنە ململانێکردنەوە.،چونکە ئەم جۆرە بانگەشەکردنە جۆرە ئاڵۆیەک بەرهەمدەهێنێت کە ناتوانین بەرچاو ڕونیەکی تەواو بدەین بە کەسانی تر. ئەمە کرۆکی جیاوازیەکانە لە بانگەشەو گوتارەکانماندا ئەو گوتارانەی کە هەمیشە لە ژێر فشاری هێزێکی دەرەکیدا کاردەکەن، کەمتر جیاوازیەکان قبوڵدەکەن بە پێچەوانەوە هەموو ئەو گوتارانەی کە مرۆڤ ئازادانە و خۆرسکانە دەریدەبڕێت بانگەشەی بۆ دەکات، باشتر پەسەند دەکرێ و ئازادانە مناقەشە دەکرێ.